# سامەرایی و خەزرەجیش دەبێ بدرێنە دادگا!

سەرکەش
a_sarkash@hotmail.com



دادگای بالای تاوانەکانی تایبەت بە دادگایکردنی سەرانی رژیمی رووخاوی بەعس ژمارەیەک لە تاوانبارانی لەبەردەم دادگا راگرت و بریاری تاوانی دژیی مرۆیی، ژینۆساید، بەکار هێنانی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، بەسەر داسەپاندن و بریاری سزای دادگایی بەسەردابرین.
چەند دانەیەکیان سزای دادگایان بەسەرجێبەجێ کرا و ئەمرۆش چەند دانەیەکیان لەبەردەم دادگا سزای دادگایان بەسەردابرا و لەچاوەروانی جێبەجێ کرانی سزای دادگان، بەلام مخابن بەپێی تەواوی بەلگەو دکۆمێنتەکان وهەروەها بەپێی گوتە و دانپیانانی سەرانی تاوانباری رژێم لە دانشتنەکانی دادگا دەبوا هەریەک لە تاوانباران وەفیق سامەرایی و نەزار خەزرەجی لە ریزی سەرانی تاوانباری رژێم لەم دادگایکردنە ئامادە بوان و رووبەرووی تاوانەکان کرا بوونایەوە.
بەلام کەوا نەبوو وا نەکرا پێویستە، دەست بەجێ و هەر ئێستا گرتن و درانە دادگای ئەم تاوانبارانە و تەواوی بەشدارانی تاوانەکان ببێتە داوایەکی جەماوەری و بەهەموو شێوەیەک دەست بدەینەکامپین وتێکۆشانێکی بەرفراوان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.
ئەگەر ئەمرۆ لەم هەل و مەرجە لەبار و گونجاوە نەتوانین شتێک بە شتێک بکەین ئەوا ئەم تاوانبارانانەو تەواوی تاوانبارانی تر کەماون و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن وەک تا ئەمرۆ و ئەم چرکەیە لێیانخوریوە، سبەو دوورۆژێکی تریش لەبیر دەکرێن و لەبیر دەچنەوە.

هەینی2007.06.24